مێژوو

جوڵانەوەی چەکداری ٧-١٣٤٦ی موکریان

ئەحمەد شەریفی
بەشی یەکەم

لەکات و سەردەمێکدا، کە ڕژێمی شا، لەوپەڕی هێزوتوانای نیزامی دا بوو، لە پڕ لە سێ گۆشەی بانە، سەردەشت و مەهاباد، دەنگەدەنگی گوللەهات، خەڵک ڕاپەڕی، ڕژێمی شا ڕاتەزی و چۆدا دەکەوێ، کومیتەی ئینقلابی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گەڕاوەتەوە و ـ شەڕی چەکداری لەئارادایە.

حدکا، هەر لە گۆڕانی (ژ-کاف) هەتا دامەزراندنی لە ١٥ گەلاوێژی ١٣٢٤ و وەئەستۆگرتنی سەرکردایەتی کۆماری دیموکراتی کوردستان (١٣٢٤) و نسکۆی کۆمار (١٣٢٥) و شەهیدکرانی تاقمێک لە سەرکردەکانی، زۆر جار تووشی قەیران ونسکۆ، بەرزو لێژی و هەوازونشێو هاتووە.

یەکێک لە چاخە مێژوویی و پڕ قەیرانەکانی حدکا، جووڵانەوەی چەکداری ساڵی ٤٧-١٣٤٦ە کە هەتا ئێستا ئاوڕێکی ئەوتۆی لێنەدراوە و زۆرکەلێن و قوژبنی تاریک و نادیاری هەیە. جوڵانەوەیەکی کە ٣٧ ساڵ لەمەوبەر ڕووی داوەو لە ئارادا بووە، بۆ دەبێ هێندە کەلێنی نادیاری هەبێ؟

جوڵانەوەی چەکداری ٤٧ ـ ١٣٤٦ بەشێکە لە مێژووی پڕ خەباتی گەلانی ئێران و بە تایبەت گەلی کورددژی زوڵم وستەمی میللی و نەتەوایەتی و ئینکار و حاشایە لە بوونی کورد لە قەوارەی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئێران دا بوو. ئەم بەشە لە مێژووی کورد و ئێران هێندە نادیارە و ئاوڕی لەسەر نەدراوەو هەر دەڵێی نەبوە. ئەزهەرچەند کەلێن و کولێنم کردن، نووسراوەیەکی ئەوتۆی سەر بەخۆم بە کوردی و فارسی لە سەر ئەو گەڕیانە گیرنەکەوت. بەڕاستی بڵێی لەناوەو دەرەوەداکەس یاکەسگەلێ ئاوڕیان لێنەدا بێ و روونکاری قەیرانیان نەکرد بێ؟ بەداخێکی زۆرەوە، باری تاریکی ڕووداوەکەهێندەزۆرو نادیارن کە تەنانەت بە ڕوونی هۆگەلی ڕووداوەکە، ژمارەی کەسلن، ناوی شەهیدان، کێ لە کوێ و بۆوچۆن شەهید کران، چەندیان گیران، لەکوێ و کوێ ئیعدام و گوللەباران کران؟ چەندیان گەڕانەوە؟ بۆ بوونە ئاردی ناو دڕکان؟ ئایا چەند کەس و کێ و کێ لە بێدادگەی جەڵدیان ئیعدام کران؟ ئایا کومیتەی ئینقلابی باڵی شۆڕشگێری حدکا بوو؟ بۆ ئۆرگانەکەیان ناوگۆڕ کراو بوو بەرۆژ و تیشک و (وەتەن)؟ ئایا چەند ژمارەلەوان بەلاڤۆکان لە چەند لاپەڕەدا وەشاون؟ ئایا سازمانی ئینقلابی جیا بۆوە لە حیزبی توودەی ئێران لە ژێر سەرکردایەتی ڕەحمەتی دوکتور کوروشی لاشایی چە نەخشێکی لەو مەیدانە و چێ بوونی شەڕی چەکداری ٤٧-١٣٤٦دا هەبوو؟ ئەمانە و ڕەنگە هێندێی بۆیی تر هەبن کە بۆ ئەز بێ وڵا من. ئایا بێژی کتێب و نامیلکە و وتارێکی سەر بە خۆ، لە سەر ئەو ڕووداوە هەبێ کە وە دەستی منی ڕەبەن نەکەوتبێ؟ لەم وتارەدا، دەکۆشم ئاوڕێک وەسەر ئەو ڕووداوەدەم و بە گوێرەی تەوانا و دەسڕەسی، هێندێ کەلێنی لێ پڕ بکەمەوە و هەروەسا بەڵکو ببێتە هۆی ئەوەی کە کەسەیلێ کە دەسڕەسییان فرەترە و دەساواڵەترین بکۆشن لایەنە نادیارەکانی ڕوون کەنەوە.

ئاخر چۆن دەبێ لە کارەساتێکی کە ٣٧ سال لەمەو بەر ڕووی داوە هێندە بێ خەبەربین کە تاریکی شەوەزەنگ باڵ وەسەر هەموو لایەنی بگرێ؟

پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد بە دوو هۆی دەرەکی و ناوەکی، کە بەداخەوە، هەر دوو هۆش خۆلە ڕوونکاری زانستی قەیرانی نەدراوە و نزیکەی ٦٠ساڵە تەنێ بەشان و باهۆی هێندێ سەرکردەی هەڵدەگوترێ و باسی هۆگەلی قەیران و ڕووخان ناکرێ. ئەندامانی حیزب و کۆمار بوون بە چوار دەستە:

١-تاقمێک لە کەین و بەیندابوون و پێشوازییان لە ئەرتەشی شاهەنشایی کردو کورتە ماوەیەک گیران و پاشان دەبنەوە کارمەند و کار بەدەستی هەرێمەکە وەک جاری جاران و خانی خانان.

٢- تاقمێک لە مەهاباد و سەقز گیران و ئیعدام کران وەک پێشەوا و یارانی و خانەکانی سەقز. لە ناو ئەم تاقمەدا چەند کەسی وەک مەحمەدی ڕەوشنفکر، حامیدی مازوچی، ڕەسوولی نەغدەیی و .. شەهید کران بێ ئەوەی ئاویان دەناو ئاوانی کۆماردابوو بێ، بڵێی ئەو کەسانە بۆ شەهید کران؟

٣- دەستەیەکیش وەک هەژار و هێمن، سەید مەحمەد حەمیدی، دڵشادی ڕەسوولی، ئاوڕەحمانی زەبیحی، حەسەنی قزڵجی، مامەقالەو ... ئاوارە و دەر بەدەر بوون. هێندێکیان پەنا دەبەنە کوردستانی عێراق و لەوێندەرێ سەر لەنوێی (ژ-کاف)دەژییەنەوە و گۆڤاری "ڕێگا" وەدەردەخەن. ژمارە (١)ی ڕێگا ئۆرگانی کومەڵەی ژیانەوەی کورد لە خەزەڵوەری ١٣٢٧ بە دوو زمانی کوردی و فارسی وە شاوە. ژمارە (١)ی ڕێگا لە ٦ لاپەڕەدا «پێشکەشە بەگیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی». بەڵام لانیکەم بۆ من روون نییە چەند ژمارەی لێ وەشاوە؟

٤- دەستەی چوارەم بارزانیەکان، کە بە سەرۆکایەتی وەرجاوەندی نەمر مەلامستەفا بارزانی دەجەنگن و سێ دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێران و کۆماری ڕەگەز پەرەستی تورکیە و دەوڵەتی عێراقی گوێ لە مشت وەلەرزە دێنن کە سەرەنجامەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە حکومەتی فیدراڵی عێراقدا. لە ڕاستیدا حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەمڕۆ، بەهۆی خەباتی بێ وچان و کۆڵنە دەرانەی مەلامستەفای هەمیشە وەرجاوەندە وە هاتۆتە دی و یادگاری بارزانی کۆڵنەدەرە بۆگەلی کورد.

لە سێدارەدانی عەبدوڵا پەشێو

سۆهراب لەحافدوزی
qamishlu _wk@yahoo.com

تو پێت وایە،
شێرەکانم
وەکو بەردی لاڕێ سادەن؟
تو پێت وایە،
پەیڤەکانم
ئاسمانگەر نین، زەویزادەن

زۆر سەیرە کە لەم (وێرانە ماڵەدا) (لەوەتی هەم خەودەبینم) چلۆن خەونێکی کە بڕواناکەم بەو لەشە بریندارو کون کونە و لەو چوار چێوە ئاڵۆش گرتوەدا لانی کەم بەم زووانە بێتەدی، پاکان و پیاوراستان تێ دەکۆشن بۆسەربەرزی گەلەکەیان - چێگوارالە ولاتێک، زاپاتا لە ولاتێکی تر و ... سەدان و هەزارانی واش لە کوردستان بۆ لەناوبردنی نەک هەر دیکتاتۆریەت و زوڵم بەڵکوو بەرلەهەموان بۆ لەناوبردنی ناحەزی و ناپاکی و خەیانەت و دزی کە سەرهەڵدانی یەکەمی مێژووی ڕاپەڕینمان دیارە کە دەگەڕێتەوکوێ و پێویست بە باس ناکات بەڵام زۆر سەیرە کە لە سەردەمی (قاتی و نەهاتی) و لە (ڕۆژهەڵاتی کورتە بالایان) و لە (ڕۆژهەڵاتی دەس نوێژهەلگرتن بە خوێن و نەوت) ولاتێک بێت بێ ناونیشان و گەلێکی تیادا بژی بەناوی کورد کە لە دوشتدا زۆر زەق بۆتەوە - نیشتمان پەروەری و خەیانەت کە هەر لەبەرەبەیانی مێژووی گەلێکی تیادا بژی خەبات دا (خەباتی هەموولایەنە) کەڵەی پیاوان و قارەمانان و هونەرمەندان و نووسەران و ... وای بە خۆوە دیووە کە ئەگەر لە ناو هەرمیللەتێک دا ئەوەندەیان ڕێژە ببوایە، ئێستاکە سەرێک لەناو سەران دا دەبوون، نەک وەکوو ئێمە هەرلەتەی لە شوێنێکدا کەوتبێ.

بەڵام هۆکارەکەش دیارە (خەبات) باوکی ڕووڕەش کە سەر هەڵنادا مەگەر لە برسێتی و نەخوێندەواریو و بەکورتی تێ نەگەیشتوویدا. جالێرەدا بڕیارنیە باسی هۆکارو ... بکرێ و مەبەستیش بەرەنگاری بەرانبەر بەکەسێک یا دژ بەیەکی تر دوان نیە، بەڵکو ڕوون کردنەوەیەک بۆ ڕای گشتی جەماوەری کوردە بەتایبەت خەمخۆرانی ئەدەبی کوردی کە ئەگەرچی نووسەری ئەم بابەتە خۆی بە ئەدەبیێک دانانێ چۆن لە خوێندنەوە زیادتر شارەزایی نیە بەڵام ویژدانی منیش نەوەک هەرکوردێکی خاوەن شەرەف کەوەک مرۆڤێک پژاوە هەژاندویانە ... کێش ؟! تاقمێک لە دەسەڵاتدارانی ئەدەبی کە بە ووتەی خۆیان خزمەت دەکەن بە گوشەیەک لە کولتوورو ئەدەبی کوردی و دەمڕاستی ئێرە و ئەوین.

بەڵام بە پێچەوانەی ئیدەعای خۆیان جگە زیان و زەرەر گەیاندن هیچی تریان لەدەس نایەت. نەک ناوی کەسێک بێنم و مەبەستم لەکەسێکی تایبەت بێ، بەڵام زۆرن لەوانەی کە بەو شێوە (خزمەت؟!) دەکەن جایان لەڕووی نەزانیەوەیان دارەدەستی ئێرەو ئەوین. هەر لەو ڕووەش ئەووتارە پێشکەش کراوە.

زۆر سەیرە کە هەنووکانەش تەڕاتێنی بازارە ڕەشە بێ کەڵکە پەک کەوتەکان لە وڵاتی مندا هەربەردەوامە. لە بازاڕی مۆسیقاوە بگرە کە هەر کە سەولەلایەک ڕاهاتووە یان بە ناوی گۆرانی بێژیان بەناوی ژەنیار بەقسەی خۆیان و لەژێر ئالای هونەرمەندا لە ئاوی قوڕاویو بۆن گرتوو ماسی دەگرن تاکوو بازاڕی کتێب و ... بەڕاستی کەڕووی ئەم گەلە بێ دەرەتانەیان چاک سپی کرد و سەری نەویتان بەرز کردەوە!! ئەگینا ئەگەر ئەم نەتەوەیە بێ دەرەتان نەبوایە، پێشانی دەدان کە پووت چەند کیلۆیە و قازناخێک چەندی دەبا!! ئەوی شەرم و حەیایە نیتانە، دەتانهەوێ بەبارەقەڵای ئێرەوئەوێ و بەدەستووری خاوەن کەلتوورە دزراوەکان و بێ پێ ناسە خاوەن ناسنامە دزراوەکان پێ ناسێکی نارەسەن بە کەلتوورو و نەتەوەیکی ڕەسەن قاڵ کەنەوە.

چەندە دەبێ چارەڕش بن کە بیری تەسکتان مەودایەکی نیە و ئەم گەلە ئیتر ڕێگەتان نادا بچنەوە سەردیوخان و سفرە پڕە پڕ لە بێشەرافەتیەکەتان. خۆئەو ماموستا پایە بەرزە تەنیا (لەوێرانە ماڵی خۆیدا) لەگەڵ یەک و دو دوژمنان بەربەرەکانی ناکات کە هەرچی دارو بەردی ئەم ولاتە بێ ئەمەگ و ئەم (کوندەبوێانی کەلاوە نشینە) بەناو ڕۆشنبیر و نارۆشنبیر و ناهونەرمەند و نا ئەدیبانە یە لێبۆتە دوژمن و هەر دەم لە ژێر پیلانێکاپەتی سێدارەی بۆ هەڵداوسن کە بە خەیاڵی خاوی خۆیان بتوان تیرۆری کەسایەتی ئەم ماموستایە بکەن.

جارروون نیە کە کەمی کەسایەتیان لە خۆدا شک بردوەیان پیلانگێری دارەێژەرانی ترن بەڵام ناحەزان و دڵ چڵکنان باش باش بزانن کە قووتابی حاجی قادر و موریدی حەزرەتی خانی و شاعیر و هونەرمەند و ماموستای ئەم ولاتە بێ نێوەی ناو ئەتڵە سەکاندا، پەشێوی شێواوی شێوازە ناشیاوەکانی ئێوە نابێ و بۆ ساتێکیش ڕێگە نادات دڵی ووشک هەلاتووی چڵێسیتان و پیسیتان شادبێ و تنۆکە ئاوێک بگرێتە خۆی. حەزدەکەم باش بزانن و تێ بگەن کە ئەویندارا و هۆگران و شەیدایانی ئەدەبی کوردی و بەتایبەت (پەشێو)ی نەمر هەرگیز ڕێگەوەکو ئێوەی گەوج بە هەڵەنابەن هەروا دەستە وەستان چاوەڕێی ئەم (خزمەتەی ئێوە


دیوانی
دوکتور عەبدوڵڵا پەشێو
١- ڕووژ نیە لیتان توورە نەبم
٢- شەو نیە خەونتان پێوەنەبینم
٣- شەو نامەی شاعیریکی تینو
٤- سەرەتانی براکوژی (١) و (٢)
٥- بتی شکاو
٦- ئرمیسک وزام
٧- دوانزە وانە بۆ مندالان
٨- کومەلە شیعر
٩- بروسکە چاندن

ئاماژە: ئەم وتارە دەیهەوێ ئەو دەزگای چاپ و پەخشانە کە لە کوردستاندا کتێبی شاعێران و نووسەرانی کورد چاپ و بلاو دەکەنەوە بخاتە بەر تیشکی ڕەخنەو هەڵسەنگاندن. دیارە لە چاپ دانی کتێبی هەر نووسەرێک بێ ئیجازە وەرگرتن لە خاوەنەکەی کارێکی نەشیاو و هەروەها نائەخلاقییە. ئەم وتارەش بەتایبەت لەسەر ئەو بنکەیە نووسیووە کە دیووانی عەبدوڵڵا پەشێو شاعێری بەناوبانگی کوردی چاپ کردووە و گوایە ئیزنی لە پەشێو وەرنەگرتووە و چاپی دووەمی ئەم کتێبەش هاتووەتە بازاڕ. بەڵام شایانی باسە ئەوەش بوترێ کە مەرج نیە بیروڕای نووسەری ئەم بابەتە هەمان بیروڕای ئاشتی بێ. بەڵکوو ئاشتی هەوڵی ئەوە ئەدا کە دەروازەیەک بۆ ڕەخنە و بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ ئەم کێشە فەرهەنگی و کومەڵایەتیانە بکاتەوە. ئەم بنکەیەش بۆی هەیە و ئەتوانێ لە سەر ئەم بابەتە بیروڕای خۆی دەرببرێ - **ئاشتی**

نابن کە بێ دەنگی کردن لە ئاستی ئەم کردەوە نائەدەبی و نامرۆڤانە سەر دانەواندنی لە ئاست کووندەبۆیان بۆ بەرزەفڕان بێ شەرمیە. ئەو سەردەمەش نەما کە پیتان وابوو لە ژێر ناوونیشانی جیاجیا و ڕەنگاوی دادەتوانن زیاتر کڵاو لە سەری میللەت بنێن و تازەلاوەکان بەتایبەتی و گشت میلەت بەتیکڕایی بەروەلاڕێ بەرن. ئەو چاخە نەگبەتیە تەواو بوو ئیتر ئاڵاکەتان ڕەنگی نەماو تۆزی بیانی بوونی لەسەر نیشتوەو ڕوخسارتان ڕەش هەڵگەڕاوە و هێشتاکە بە خۆتان نەزانیوە وەک بووکەڵەیەک هەردەم بەرەولایەک داسەمادەکەن کە لەسەر سفرەی پڕی خواردبێتان هەمووشی سەرچاوەکەی نەخوێندەواری و نەزانین و ڕۆژڕە شیتانە، هیواتان بە چیە نازانم هەرای پاش گورگی نەبێ. نەتانماوە کە ئەویش بڕواناکەم مابێ و هەزار هاواربە پوولێک برون ... بڕۆن چارەی سپیەنکتان کەن هەتا زووە کە جارێکی‌تر هەناسەتان بۆنی کەلاکی لێدێو تووشی گەندەڵی و ئاڵۆش بووە کە چاپ کردنی کتێبێک بێ ئیزنی نووسەرەکەی (ئەگەر چی لەو ولاتەبێ سەرەو دەرەکەی ئێمە یاسایەکی ئەوتۆنیە بەرپرس بێت) بەڵام خۆ هەرنەبێ لە ویژدانی مرۆڤایەتی‌دا کردەوەیەکی ناحەزو ناشیاوە و دزییەکی گەورەیە، ئەویش لەژێر ناوونیشانی سەمەرەی وەک (دیوانی دوکتور عەبدوڵڵا پەشێو) کە پێم وانیە تەنیا مەگەر لە قامووسی ئێوەدا نەبێ ئەگینا لە هیچ قاموسێکی کوردیدا ئەم ناوە هەبێ، بێ گومان کە قاموسەکەی پڕ لە هەڵەوچەوت و لار و بە پێچ و پەناکەی ئێوە قاموسێکی کوردی نیە بەڕاستی کە پاراستنی کەلتوور و هونەر و ئەدەبی خۆمان چاک ڕەچاو دەکەین!! شەرم ناتان گرێ لەلای غەیرە کوردێک چ وەلامێک دەدەنەوە بۆ ئەوچەوتیە؟! سەدان ساڵ لە نێو ئێمەی کورددا دێت و دەچێ تاکوو لە پیاوێکی وەها شارەزا یەکێک لە قۆناغەکانی زانیاریدا پێ دەگا کەچی هێندێک چڵکاو خۆری بەدفەڕی دل بۆ گەنیو ڕێگە بە خۆیان دەدەن هەر خەیانەتێک لە دەستیان هات بیکەن.

سەدان ساڵە لە وێرانە ماڵی خۆمدا
کتکە کوێرەی گۆشەی مەتبەخی سولتانم
سەدان ساڵە حەوش و بەرەی خۆم ولایەو
لەبەر دەرگەی دزانی خوم پاسەوانم و ...

زانایان!! لە کوێرە ڕێگاو لاڕێاندا ئەگەر ئێوەی کوندە بوو چاوساغی ئێمەی تازە پێ گەیشتوو بن، دەبێ چیمان لە چاوەڕێی دابێ؟! بۆ ناڵێن ئەگەر کەسانێکی وەکوو (خانی، ناڵی، گۆران، هەژار، هێمن و ...) دەیانی‌تر نەبونایە دەبێ ئێوەی نائەدیبی ناهونەرمەندی نارۆشنبیری دڵ چڵکن ئێمەی هیچ نەزان بەرەوکام ڕووناکی ڕاکێشن؟!

لەلایەک هێندێک گەمژەی ناهونەرمەند دەبنە شوولکی ئێرەوئەوێ و لەو پەڕی بێ شەرمیدا لە مۆسیقادا دەیکەنە بازاڕی خۆیان و کانیاوی پڕ گەوهەری موزیکی کوردی بە خەیاڵی خۆیان دەشێوێنن، تاقمێکی‌تر لە سیاسەتدا ڕۆڵی کوردێکی پاکی نیشتمان پەروەر دەگێڕن و خەڵکانێکی زۆر بەدبەخت دەکەن.

هێندێکی تر لە ڕۆژنامەکاندا وەک ئەمانەبوونە پێنووسی ئێرە و ئەوێ و زۆر بە جوانی و بە ڕەنگاوی و لە ژێر ئالای خزمەت کردن و کوردایەتی هەر بە تەنیا ناحەزییەکان پێشان دەدەن.

خۆدەکەن بە بڵێسەی گۆڕەپانی کوردایەتی و پاش ماوەیەک بگرەو بەردەو ئەم لاوئەولا دەیانهەوێ کلاوێکی لە جاران گووشادتر لە سەری میللەت بنێن بە خەیالیان ئەم گەلە هێشتا هەر لە خەودایە و هەنووکانە وەخەبەر نەهاتۆتەوە، تاقمێکی‌تر و لە دەرگایەکی ترەوە پەلاماری قۆناغێکی تری ئەم گەلە دەدەن ئەویش لە ناو میللەتێکدا کە سەرچاوەی هەموو شتێکە و لە هەموانیش بی بەهرەیە. ئێمەش لەناو ئەم گەلە دادەژین ئەگەر پەناو پەسیوێک شک نابەین باڕوو لە میللەت هەڵنەماڵین ئەگەر ناتوانین برینێک مەڵهەم کەین نەبینە هۆی ژان و برکی زیاتر، گەرخەمێک نارەوێنین با خەمێکی تری پێوە زیاد نەکەین.

لە کۆتاییدا بزانن کە قسەکانم زمانی دڵێ زۆرکەسان بوون، بەڵام ئێمڕۆ هیچمان لە دەست نایەت مەگەر بڵێین بۆداهاتوو:

(مناڵەکان، ئێوەن سبەی لە قامیشلی
لە دیاربەکری شێخ سەعیدا
لە سلێمانی بریندارا
لە مەهابادی قازیدا
بەیەک فەلسەفە پێ دەگەن
گشت تێ دەگەن
ئەوەی کورد بێ
ئەوەی نوێ بێ
دەبێ تێشووی ڕێی یەکیەتی کوردی پێ بێ
مناڵەکان، ئەوەی دەنکە گەنمێکی چاند
گوڵە گەنمی دروێنە کرد
ئەوەی دڵۆپێک خوێنی چاند
تابلویەکی بۆ خۆی نەخشاند
ئەوەی تەنیا هاوارێکی لە دەم دەرچوو
گوێی لە سەدای دەنگی خۆی بوو
کەچی ئێمە ....)

◆◆◆

تاقمێک لە دەسەڵاتدارانی ئەدەبی کە بە ووتەی خۆیان خزمەت دەکەن بە گوشەیەک لە کولتوورو ئەدەبی کوردی و دەمڕاستی ئێرە و ئەوین بە پێچەوانەی ئیدەعای خۆیان، جگە زیان و زەرەر گەیاندن هیچی تریان لەدەس نایەت

◆◆◆

ئاگاداری

خوێنەرانی هێژاو بەڕێزی ئاشتی بەمەبەستی پەرەپێدان و گەشەسەندنی هونەرو ئەدەبیاتی مودێرنی کوردی لە کوردستاندا، بڕیار وایە لەم ژمارە بەدواوە ئەم لاپەڕەیە تەرخان بدرێ بۆ چاپ کردنی بابەتی ئەدەبی و هونەری. تکاو داواکاریمان لە ئێوەی ئازیز ئەوەیە ئەگەر لەبواری شێعر، کورتە چیرۆک، تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبیدا بەرهەمی ئەوتۆتان هەیە بۆمانی بنێرن کە لەم لاپەڕەیەدا کەڵکیان لێوەربگرین.

بەسپاسەوە

گاڵتە جار

هیوا سەعیدپوور

وەی وەی چەند پیرۆزە

بە پیرۆزبایی لە دایک بونی پێغەمبەری ئیسلام لە خوشک و برایانی موسڵمان و پیرۆزبایی جەژنی چوارشەممەی سۆر (چوارشەممەی پێشو) لە خۆشک و برایانی ئیزەدی و پیرۆزبایی لە خوشک و برایانی کریستیان بەهۆی هەڵبژاردنی پاپای نوێ و پیرۆزبایی لەخۆمان بەهۆی گران بۆنی ڕۆژنامە هەفتانەکەمان و پیرۆزبایی لە کۆمەڵەی یەکگرتووی تەماتە فرۆشانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهۆی گرانی میوە و بەتایبەت تەماتە لە ئێران و پیرۆزبایی لە بەرێوەبەرانی پارتی و یەکیەتی بەهۆی ئەوە کە سەرەئەنجام بە ئاکامە گەیشتن کە دەبێت ئیدارەکانی هەولێر و سلێمانی یەک بگرنەوە و پیرۆزبایی لەگەڵی کورد بەهۆی ئەوە گاڵتەجاڕیش حەوا دەدەین.

◆◆◆

بژی خۆمان بمرن دیتران

محەمەدی مەلا قادر کە بەم تازەیانە بووە بە یەکگرتویی خوازترین مرۆڤی مێژوو، گوتویەتی؛ دەبێ لە ئایەندەدا پێشمەرگەی کوردستان یەک بگرێتەوە و دەبێ لەژێر دەسەلاتی سەرۆکی هەرێمدا بێت، پێم‌وایە ئەگەر مەیدان بدرێت بە بەرێزی لەوانەیە تەڕەماشیش بۆ یەکیەتی و حزبەکانی‌تری کوردستان قایل نەبێت، ئەلبەت لە یەکیەتیش‌دا و لە پ.ک.ک و کۆنگرەی گەل و ئەوانی‌تریش دا لەم چەشنە پیاو چاکانە کەم نیین بۆیە ئاخر لەوەتی هەین ژێر دەستین و هەین و دەبین.

◆◆◆

تەق و سۆق

لە هەفتەی پێشوودا لە ئیلام بۆمبێک تەقیەوە و بو بە هۆی گیان بەخت کردنی زیاتر لە پێنج و کەمتر لە دە کەس لە هاوولاتیان و چەندین بریندارێشی لێ کەوتوەتەوە، ئەڵێن ئەم بۆمبە پاش ماوەی پێشانگەی «دیفاعی موقەددەسی» بووە کە بە جێ ماوە و هۆی تەقینەوەکەیشی وا ڕاگەیێنراوە کە مندالان لەو نزیکانەدا خەریکی تۆپێن بونە و لەوانەیە یەکێک لەوان بە جێی تۆپ لە بۆمبەکەی هەڵدا بێت و داویش تەق! هەندێکیش دەبێژن کاری ئیسراییل بووە، بەم جۆرە کە ئیسراییل ویستوویە نیروگای ناوکی بوشێهر لە باشووری ئێران بۆردومان بکات و گوایە شۆفیری فرۆکەکە چاوی خێل بوە و بە جێی باشوور ڕۆژئاوای کوتاوە. ئۆپۆزیسیۆنی سەڵتەنەت خوازی ئێرانیش گوتویانە ئەوە بۆمبێکی ئەتۆمی بووە کە ئێران بەرهەمی هێناوە و لەوێ دا تاقی کردوەتەوە. قالەی حەمە ڕەشی دراوسێی ماڵی مامیشم کە زۆر سەری لەم شتانە دەخورێ دەڵێت؛ هەموی ئەم شتانە درۆیە و ئەو بۆمبە ئەتۆمیە بەرهەمی تەکنۆلۆژیای منالانی لادێی دەوەری ئیلام بووە، چون میشکی کورد ئێگجار بەزبرە. هەڵبەت قالەخان هیچ ئاماژەیێکی بە هۆی تەقینەوەکە نەکرد.

بەلام هەرچی بو بێت، بووە بە هۆی مردن و بریندار بونی هەندێک لە هاوولاتیانمان کە لە هەژارترین چینەکانی ئەم ولاتەن، بۆیە کە سەر و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی گیان بەخت بوان دەکەین و هیوای زووتر چاک بونەوە بۆ برینداران دەخوازین. وەکو هەمیشەیش داوا لە کاربەدستان دەکەین کارێک بکەن ئیتر کارەساتی وا نەقەومێت، بڕواتان ببێت ئەگەر کارەساتی وا لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان دا روی بدایە، دەبو بەهۆی لە سەرکار لابردنی زۆرێک لە کاربەدەستان.

بەس ئێرە ئێرانە واتە گوڵستان

◆◆◆

با ئەمەیش پیرۆز بێت

بەوەی کە ١٠٧ ساڵ لە دەرچونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە ١٨٩٨دا لەلایەن بەدرخانیەکانەوە تێ دەپەڕێ، بەس هێشتا ئێمە نەمانتوانیوە تا کە ڕۆژنامە کوردییەکەی ئێران بە شێوەیێکی ڕۆژانە دەربکەین، هەفتەنامەکانیش مان مانگ نامەن، مانگ نامەکان وەرزنامەن، وەرزنامەکانیش هیچ کات دەرناچن. بە هەر حاڵ ساڵهاتی دەرچونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی پیرۆز دەکەین چون کارێکی‌ترمان لە دەست نایە.

◆◆◆

ئۆخەی گوڵە کەرکووکی

عەبدوڕەحمان مستەفا پارێزگاری کەرکووک لەگەڵ کاک مەسعود بارزانی کۆبوەوە، پێم وایە سەرکردەی کوردەکانی باشوور لەوەی کە کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان نائومید بوون و ئەم چاوپێکەوتنەش بۆ ئەوە بووە کە هەرێمی کوردستان بخرێتە سەر کەرکووک. ئەی نییە!